# گەرەكێكی سلێمانی ژەهراوی ئەبێت

ئاسۆ عەبدوللەتیف



**بةهؤي دزةكردن و تةقيني ئةو برة زؤرة لة طازي كلؤر CL2 لة يةكيك لة طةنجينةكاني فةرمانطةي ئاوي سليماني كة ناسراوة بة طةنجينةي ئاوي شارؤضكةكاني سليماني كة سالَي 1977 بؤ 1978 دامةزراوةو كةوتؤتة طوندي ئةحمةد ئاواي كؤني نزيك سليماني كة ئيستا طةرةكي راثةريني شاري سليماني ثيدةلَين و لة سةر ريطاي جوت سايدي سليماني – تاسلوجةية و 60 تةن طازي شل و هاراوةي كلؤري تيدايةو جيطاي مةترسيةكي زؤري دةوروبةرةكةيةتي كة بةهؤي رذان و بلآو بوونةوةي ئةو طازةوة زيانيكي زؤريان بةركةوتووة و ضةندين جاريش لايةني ثةيوةنديداريان ئاطاداركردؤتةوة لةم مةترسية بةلآم بي سوود بووة، تا بيت طازةكة مةترسي ليئةكريت، ئةم طازة لة رووي زانستيةوة بة (المنظف القاتل) واتة ثاككةرةوةي كوشندة ناسراوةو ئةطةر زياديش لة ثيويست بةكار بينريت ئةوا ئةبيتة طازيكي ذةهراوي و كوشندة و تةنانةت ريخراوي قاعيدة ئيستا ئةم طازة بؤ كاري تةقينةوة و خؤكوذي بةكار ئةهيني لة عيراقدا.**

كچێك: ( قاپ و قاچاخەكانمان هەموو رەنگیان گۆڕاوەو درەخت و سەوزەگیای ماڵەكەشمان هەموو ووشك بوو)



کچێك بەناوی زەریف فارس کە دانیشتوویەکی ئەم گەرەکەیە پێی ڕاگەیاندین ئەوە ماوەیەکی زۆرە ئێمە ژیانمان نەماوەو لەبەر ئەو بۆنە کوشندەیە زۆر ئەترسین شەوێك هەموو گازەکە بتەقیٚ و بمرین و کەسیش پێمان نەزانیٚ، ماڵەکەمان ئێستا ژەهراویەو ئەوە قاپ و قاچاخەکانمان هەموو ڕەنگیان گۆڕاوەو درەخت و سەوزەگیای ماڵەکەشمان هەموو ووشك بوو ئێستاش خۆم تەنگە نەفەسم و چەند جاریٚ لە هۆش خۆم چووم،

حەسەن شوکور کە خاوەنی نوسینگەی ئاکارە بۆ کرین و فرۆشتنی خانوو، کە ماڵەکەیان بەرانبەری گەنجینەکەیە ووتی: بەراستی نازانین چی بڵێین خەریکە ئەمرین کەس لێمان ناپرسیٚ و ماڵ و منداڵمان خەریکە ئەخنکێن بەو بۆنی کلۆرە، وابروات چۆڵی ئەکەین و دەچین بۆ گەرەکێکی دیکە لە تاو ئەو گازە.

ئەگەرچی تا ئێستا کرێکارێك تووشی ژەهراوی بووون بووەو مردووەو چەندین کرێکارو منداڵی گەرەکەکەش تووشی تەنگە نەفەسی و ڕەبوە بوون و دواین جار یەکێك لە شۆفێری ئاگرکوژێنەوە کە بۆ گەنجینەکە هات تووشی نەنگە نەفەسی و بێهۆشی هات و بەپەلە گەیەنرایە نەخۆشخانە، مەترسیەکان و بۆنی گازەکە تابێت زیاد ئەکات لە ئەنجامی کۆن بوونی بتڵە کلۆرەکان و دزە کردنی گازەکەوە کە ئەمەش کاری بەپەلەی حکومەتە بەدەم ئەم کارەوە بێت.

**پیاوێکی گەرەك:** ( با ئەو فەرمانگەیە سەیری گلۆپ و قاعیدەی گلۆپەکانی خۆیان و بتڵی گازەکانی بکات کە چۆن ئەو گازە دای ڕزاندوە ئەی ئەبێت ئێمەی مرۆڤ چۆن دابرزێنیٚ)



شوکر محمد خدر کە خەڵکی گەرەکەکەیە ووتی: ببینن ڕەنگی درەختەکان چۆن ووشك بوون و زەرد بوون و چەندین جار داوامان لە پۆلیس و لایەنی بەرپرس کردووەو کەچی کێشەکەمان هەر وەك خۆیەتی و بەداخەوە هەندیٚ لە بتڵە گەورەکان کە گازەکەی لیٚ دەروات بە شێوەیەکی کاتی کراون بە ژێر خۆڵەوەو شۆفلٚ دای پۆشیوەو هەر مەترسی هەیە تەنانەت با ئەو فەرمانگەیە سەیری گلۆپ و قاعیدەی گلۆپەکانی خۆیان و بتڵی گازەکانی بکات کە چۆن ئەو گازە دای ڕزاندوە ئەی ئەبێت ئێمەی مرۆڤ چۆن دابرزێنیٚ، کوا وەزارەتی تەندروستی و مافی مرۆڤ و ژینگە پارێز بۆچی نایەن ئایا لەم ژینگەیەی ئێمە پیسترو مەترسی تر هەیە؟؟

**کاسبکارێك:** (تووشی ڕەبوەو سەرئێشەو حەساسیەت بووین و نازانین بۆ کوێ بچین و هاوار بۆ کوێ بەرین، ئێستا عیلاج و حەبی حەساسیەت و ڕەبوەو ئەعشابی تایبەت بەکاردێنین)



هاوڵاتی عەبدولموتەڵیب حەمید کاسبکار کە ماڵەکەیان بە تەنیشت گەنجینەکەوەیە ووتی :خۆم و مناڵەکانم ئێستا بریندارى ئەو گازەین و تووشی ڕەبوەو سەرئێشەو حەساسیەت بووین و نازانین بۆ کوێ بچین و هاوار بۆ کوێ بەرین، ئێستا عیلاج و حەبی حەساسیەت و ڕەبوەو ئەعشابی تایبەت بەکاردێنین و ووتی ناتوانین لەم جێگەدا بمێنین کە ژیانمان هەمووی قەلەقیەو تەئمین نییە ئەم بۆنە ناخۆشە بەگوێرەی ئیتجاهی هەوا ئەگۆڕێ و نازانین چی بکەین و کاتێك شەو ئەخەوین بەهیوای ئەوەنین بەیانی هەستین.

**ژنێکی گەڕەك:**( هەنگەکانیشمان لەناو چوون و شەووڕۆژ دەستمان بە لوت و چاومانەوەیەو مناڵەکانمان تووشی حەساسیەت و چاو ئێشە بوون و گەر چارەسەری ئەم کێشەمان بۆ نەکەن ڕێگای یاسایی ئەگرینە بەر)



هەروەك ژنێکی بەساڵا چوو بەناوی حورمەت عەلی دەڵێ: ئێمە کە نزیکین لەم نەعلەتیەوە زۆر جار کەمامە دەبەستین و دەم و چاومان ئەپێچین و هەست بە توندی سنگ و هەناسە دەکەین و من خۆم زۆر جار ئاو بە چاومدا دێتە خوارو تووشی حەساسیەتیش بووم، هەروەها سروە محمد ئەمین ووتی: هەنگەکانیشمان لەناو چوون و شەووڕۆژ دەستمان بە لوت و چاومانەوەیەو مناڵەکانمان هەموو نەخۆشن و تووشی حەساسیەت و چاو ئێشە بووین گەر چارەسەری ئەم کێشەمان بۆ نەکەن ڕێگای یاسایی ئەگرینە بەرو مان ئەگرین.

**بەرێوەبەری بەشی گەنجینەی ئاوی شارۆچکەکانی سلێمانی: (ئێمە بەشێوەی خۆمان کە زۆر زانستی نیە هەندێ لەو بتڵە تەقیوانەمان خستۆتە ناو حەوزی ئاوی تایبەت و بەڵام تابێت مەترسیەکە زیاد ئەکات)**



پاش ئەم هەموو مەترسی و نارەزاییانە بەرێوەبەری بەشی گەنجینەی ئاوی شارۆچکەکانی سلێمانی عەبدولسەلام حارس محمد کە گازە کلۆرەکەی تیادایەو بلاو بۆتەوە ووتی: راستە مەترسی هەیەو گازەکە بەشێوەی مەترسیدار دزەی کردوەو تەقیوەو هاتۆتە دەرەوە ئێمە بەشێوەی خۆمان کە زۆر زانستی نیە هەندێ لەو بتڵە تەقیوانەمان خستۆتە ناو حەوزی ئاوی تایبەت و بەڵام تابێت مەترسیەکە زیاد ئەکات و کرێکارەکانی هەراسان کردووە چونکە سەری ئەم بتڵانە ژەنگ دێنێ و ئەخورێ و پاشان لیك ئەکات و سەرەنجام گازەکە دێتە دەرەوە کە مادەیەکی سامەە و هەندێ جار ئێمە کۆنترۆڵی ئەکەین بە شلەی ئامۆنیا کە ئەمە چارەسەرێکی سەرەتاییە،گەنجینەکە 60 تەن گازی کلۆری هاراوە (Calcium Hypo Chloride) و کلۆری سائیل(Chlorine Gaze For Treatment Water) تیایە و بۆ هەر بتڵێك تەن کلۆر CL2 ی تێدایە و راستە ئەم کلۆرە لە ناو ئەم ماڵانەدا جێگای مەترسی و کوشتارگەیە و پێویستە بە زوویی بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی دوورە شار و بەشێوەیەکی زانستی گەنجینەی بۆ بکرێتەوە،

کرێکارێکی ناو گەنجینەکەش بەناوی عەبدوڵا عەلی سالح، کاتێ چووینە لای دەستی بە لوت و سەریەوە گرت و ووتی منیش هەست بە ئازاری مێشك و چاوو لوت ئەکەم و توشی حەساسیەت بووم و ئەم گازە زۆر کاری لێکردووم و کا وا بروات توانای کارکردنم نامێنێ.

## وەزیری ژینگە: ( ئەوە گازێکی سام و کوشندەیەو بەپێی یاساش مامەڵە ئەکەین و ئێمە چاوەروانین و رازی نابین ژەهراوی بوونەکە درێژە بکێشێ)



هەروەها بەڕێز وەزیری ژینگە دارا حمە ئەمین پەیوەست بەو کێشەیەوە ووتی: ئەگەرچی وەزارەتمان تازەیەو ئێستا سەرگەرمی روپێوێکی زانستین بۆ سەرجەم کارخانەو گەنجینەکان تا ژینگەی کوردستان بپارێزین، بۆ دزەکردنی ئەو گازەی سلێمانیش ئاگادارکراوینەتەوە کە مەترسیەکی زۆری دروستکردووە، هۆبەی ژینگەی سلێمانی چونەتە شوێنی گەنجینەکەو مەترسیەکە دیارو ئاشکرایەو بەرچاوە، بۆ یە بەپەلە داوای گواستنەوەی گەنجینەکەیان کردووە لە بەرێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی بۆ ئەو شوێنەی کە پەسەندمان کردووە کە دووری شارە، دەبیَ بەپەلەش ئەم گواستنەوەیە ئەنجام بدەن وە لە حالَەتی دواکەوتنی ئەو گواستنەوەیەدا راستەوخۆ تەدەخول ئەکەین و سەلاَحیەتی خۆمان بەکارئەهێنین چونکە ئەوە گازێکی سام و کوشندەیەو بەپێی یاساش مامەلَە ئەکەین و ئێمە چاوەروانین و رازی نابین ئەو کێشەی ژەهراوی بوونە درێژە بکێشیَ.

**بەرێوەبەری تەکنیکی کۆمپانیای ساناتێل:** **( زیانێکی زۆرمان بەرکەوتووە و ئێمە لەم ژەهراوی بوونەدا زۆرترین زیانی مادیمان بەرکەوت کە سەرجەم جیهازو ئامێرەکانمان بەتەواوی رزان و لە کارکەوتن و فرەماندان کە زیانەکانمان 80.000 هەشتا هەزار دۆلار بوو)**



بەهۆی ئەوەی کە بورجێکی ساناتێلیش لە نزیك ئەو گەنجینەیە و ئەوانیش زیانێکی زۆریان بەرکەوتوەو ئامێرەکانیان لە کار کەوتووە، خالد حسن بەرێوەبەری بەشی تەکنیك لە کۆمپانیای ساناتێل ووتی: بەتەواوی ئامێری ناو بورجەکەمان بەو گازە تێك چووەو زیانێکی زۆرمان بەرکەوتووە و ئێمە لەم ژەهراوی بوونەدا زۆرترین زیانی مادیمان بەرکەوت کە سەرجەم

جیهازو ئامێرەکانمان بەتەواوی رزان و لە کارکەوتن و فرەماندان کە زیانەکانمان 80.000 هەشتا هەزار دۆلار بوو زیانی مەعنەویشی بە تۆری پەیوەندیەکانمان گەیاندو رەنگە بیگوازینەوە بۆ شوێنێکی دیکە و چۆڵی بکەین بە خاتری خزمەتگوزاری و کارمەندانی ناو بنکەکەمان و ماڤ ئەوەشمان هەیە داوای هەر قەرەبوویەکی مادی خۆمان لە وەزارەتی پەیوەندیدار بکەین.

**لێپرسراوی بەشی چاککردنەوەی ئامێرەکانی کلۆر لە بەرێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی: ( ژەهراوی بوونەکە رۆتین و دواکەوتن هەڵناگرێ) ( بۆ دیزاینی مەخزەنەکە جامعەی سەلاحەدین داوای 17000 دۆلارو جامیعەی سلێمانیش داوای برێکی زیاتر لەو پارەیە ئەکەن و نازانین رووبکەینە کوێ)**



لە کۆتایدا ئەندازیار ئاوات مەحمود مستەفا لێپرسراوی بەشی چاککردنەوەی ئامێرەکانی کلۆر لە بەرێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی لەگەڵ ئەوەی کە نیگەرانی و بێزاری خۆی دەربری لە کاری رۆتین، سەرجەم نارەزایەتیەکانی خەڵکی بە داوایەکی شەرعی و نەزەری ئیعتیبار وەرگرت و ووتی: کارمان کردووە بۆ ئەوەی مەخزەنەکە بگوازینەوەو ئێستا لە رێگەی پارێزگاوە لە پەیوەندیداین کە بکرێ بە تەندەرو بە شێوەیەکی هونەری دروست بکرێتەوە بەلام کەی و چۆن نازانم؟ هەرچەندە ئەرزەیەکی زراعیمان وەرگرتووە بۆ ئەو کارە لە رازیانە کە رووبەرەکەی 2 دۆنمە کە لە دووری شاری سلێمانیە و دەمانەوێت بە شێوەیەکی زانستی گەنجینەیەك دروست بکەین کەجێی مەترسی نەبێت، لەگەڵ هەردوو زانکۆی سلێمانی و هەولێریش قسەمان کردووە بۆ دیزاین و نەخشەی گەنجینەکە بەلام ئەوان داوای پارەیەکی زۆر ئەکەن بۆ ئەم کارە بۆیە کاری گواستنەوەکە بەداخەوە دوا کەوتووە، بەراستی ئەم گواستنەوەیەش دوا ئەکەوێ گەر چاوەروانی رۆتین و نوسراو بین چونکە ژەهراوی بوونەکەو بلاو بوونەوەی گازەکە پڕ مەترسیەو دواکەوتن هەڵناگرێ و دەبێ کۆمپانیای تایبەتمەند بانگرێ و بە خێرایی چارەسەری بکرێ، دەبینی بۆ تەنها دیزاینی مەخزەنەکە جامعەی سەلاحەدین داوای 17000 دۆلارو جامیعەی سلێمانیش داوای برێکی زیاتر لەو پارەیە ئەکەن و نازانین رووبکەینە کوێ، دەبێ ئەو کێشەیە وەزیر خۆی سەلاحیەت بخاتە گەرو حەلی بکات بە پەلە لەبەر ئەوە کێشەکە پسپۆری و تایبەتمەندییەو بەندە بە ژیان و مەرگی خەڵك و ژەهراوی بوونی ناوچەکەمانەوە کە رەنگە تەشەنە بسەنێ بۆ شوێنانی دیکە.



*** تێبینی/ ئەم بابەتەم بە تایبەتی بۆ رۆژنامەی ئاوێنە ریپۆرت کردو لە ژمارە 68 دا بڵاوبویەوە.**